# حوكمی كورتكردنەوەی نوێژ لەسەفەردا

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# حكم قصر الصلاة في السفر

< كردي >

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوكمی كورتكردنەوەی نوێژ لەسەفەردا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار :** ئایا كورتكردنەوەی نوێژ لەسەفەردا واجبە یان سوننەت ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

زۆرینەی زانایان لەسەر ئەو ڕایەن كە كورت كرنەوە یان نەكردنەوەی نوێژ هەردووكیان جائز و دروستن لەسەفەردا، بەڵام كورتكردنەوەی نوێژ باشتر و ئەفضەلترە، ئەمەش ڕاو ووتەی هەرەیك لە عوسمانی كوڕی عەفان و سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص و عائیشە وعەبدوڵای كوڕی مەسعود و عەبدوڵای كوڕی عومەر وعەبدوڵای كوڕی عەباسە ( خوایان لێ ڕازی بێت ) هەروەها حەسەنی بەصری و ئیمامی مالیك و ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەد و ئەبو ثەور و داودی ظاهریش هەمان بۆچونیان هەیە، ئیمامی بەیهەقیش لە سەلمانی فارسیەوە ڕیوایەتی كردووە كە دوازدە لە هاوەڵانی پیغەمبەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ئەم بۆچونەیان هەبووە، هەروەها لە ئەنەسی كوڕی مالیك وموسەوری كوڕی مەخرمە و عبدالرحمنی كوری ئەسوەد و سەعیدی كوڕی موسەیب وئەبی قەلابە ( ڕەزا وڕەحمەتی خوایان لی بیت ) ڕیوایەتی كراوە .

بەڵام ئەبو حەنیفە و ثەوری و هەندێك لە زانایانی تر بەلایانەوە وایە : كورتكردنەوەی نوێژ واجبە .

بەڵام دەبێت بزانین ڕای یەكەم پەسەندترە، چونكە كورتكردنەوەی نوێژ لەسەفەردا لای زانایان بە ڕوخصەت دانراوە، لە پێناو هەڵگرتن و نەهێشتنی مەشەقەت و ناڕەحەتی لەسەر بەندەكانی خوا وەك خۆی فەرموویەتی : ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾ [ سورة البقرة : 85 ] واتا : خوا ئاسوودەیی و كارئاسانی ئێوەی دەوێت، لەئەنجامدانی فەرزەكاندا، نایەوێ بكەونە تەنگیی و ناڕەحەتیی .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ﴾ [سورة الحج : 87 ] واتا :لەم دینەشدا، هیچ جۆرە شتێكی ناڕەواو قورسی نەخستۆتە سەرشانتان، تا ئێوە نەتوانن ئەنجامی بدەن، واتە: بڕیاری هیچ شتێكی بەسەرتانا نەداوە كەلە توانای خۆتاندا نەبێت .

خوای گەورەش زاناترە ..